حەنان فەتلاوی: کەمپانیاکانی هەرەم بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی 320 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

حەنان فەتلاوی، سەرۆکی فراکسیۆنی ئیرادە لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، کەمپانیاکانی هەرەم بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی 320 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە کە بەهاکەی 870 ملیار دیناری مانگانەیە.

حەنان فەتلاوی، ئەمشەو لە پەیامی تایبەتی خۆی لە پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، داوا لە پەرلەمانتاران دەکات، هەمواری یاسای بودجە تەپەڕێنن، بەهەمان ئەو خراپییەی کە سەرۆکیان لەچەند چرکەیەکدا تەپەڕاند.

ئاماژەی بەوەشکرد، مانەوەی یاسای بودجە بە هەموارنەکراوی، مانای ئەوەیە حکومەت بەردەوامدەبێت لە ناردنی تریلیۆنەك دیناری مانگانە بە موچەی هەرەم، لەکاتێکدا کەمپانیاکانی هەرەم بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی 320 هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە.

حەنان فەتلاوی باسی لەوەشکرد، "ئەو نەوتەی مانگانە لە هەرەم بەرهەمدێت بەهاکەی 870 ملیار دیناری مانگانەیە، بە قاچاغ دەبرێتە دەرەوەی عێراق بە نرخێکی هەرزان و زۆر بەکەمتر لە نرخی سەرەدەفرۆشرێت، وەکای ئەوەی تورکیا مانگانە داوای 24 ملیۆن دۆلار سزامان لەدەکات، بەهەی هەناردەنەکردنی نەوت لەلەی بەری عێراق بە بەندەری جەیهان".